www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 30-1-2007 22:58

## رەخنەو پێشنیار ... سەباح یاسین

نێچروان بارزانی لە لێدوانی رۆژیی 28-12-06، لە کەناڵی زاگرۆس، چەند بۆچوون و پرسیاری بەراستگۆیانە وروژاند. یەك لەوانە، بەراشکاویی داوای یارمەتی لە کۆمەڵگای کوردی کرد کە هاوکاری دام و دەزگاکانی حکومەت بکەن، وەهەروەها بێ َتوانایی دەوڵەتیشی ئاشکراکرد لەوەی کە لە دووجادە زیاتر شتێکی تری نەکردوە، پەیمانیشی دا کە هەوڵی باشکردن و پشتیوانی لە پرۆسەی چاکسازیی بکات. هەرلە لێدوانەکەیدا ئاماژەیی بە رێکخستنی داتا بەیسێك دا کە زانکۆی کوردستان ئامادەی دەکەن وەك هێوایەك تا لە داهاتوودا بێتە سەرچاوەیەك بۆ لێکدانەوە و پلانی دانان هەر پرۆژەیەك کە بیر لێ دەکرێتەوە بە جی بە جی بکرێت.
لەمەر ئەو هیوای ئەوەوە من زۆر رووناك بین نیم، چوونکە دام و دەزگاکنی زانکۆی کوردستان کە لەسەرتاوە پاشقول لە یەکتری بگرن بۆ ئەنجام دانی مەبەستی تایبەتی و بەرێوەبەرایەتی نێچرڤانیش لێێ بدەنگ بوو، ئەوە دەگەیەنێت کە بناغەیەکی لاواز گەر زوو بەزوو بەربڕنەکرێت دوور نیە وەك زانگو لە بار چووکەیی حکومەتی یەکیتی لێبەسەربێت. جا گەر مەسەلەکە هەر کۆتایی هانین بێت بە پارەیی نەوت ئەوا جاکترە پارکەیی لەو گوندە بچووکان سەرفبکەن کە سالانێکی دوو و درێژ وەك پێشمەرگە بەخێوی کردون.
برۆژەکە گەر کاك عمر فتاح لە بەفیروداني ژیان سالێك ئەو قوتابێکان و ئەو پارەی نەوتەی کە سەرفیان کرد کەمێ بیر لە هەلسەنگاندیی لا دروست بو ئەوە چاکە کاك نێچرڤان بەرزانی هەندیی پرسیاری لەو روو لێبکات.
کوردستان گەر گەشەبکات ئەوا ئەبێت لە بیر لەو توانا لاوازانە بکات کە رابردویکی بەرهەمهانین هەبوو، ئەوساکە ئەوان بکاتە ماستەر بلان و ئەزموونیان بکاتەوە. ئەو کارەش بە خەڵکی کارکەر د ەکرێت کە لەو بوارانەوە قالی کارکردن بوون. جا پرسیارەکە ئەوە دولەتەکەیی نێچرڤان ئامادەن خۆیا تێدا تاقیبکەنەوە و داهێنانێك بکە کە داهاتوو هەبێت. گەرچی تا ئێستا هەردوو پارتە قارەمانەکە نەیان توانیوەو کارەبا و ئاو کە لەمرۆدوندیادا چارەسەریی لە چەند مانگێگدا دەکرێت بەلاَم زەلیلانە وەلاَمیکیان پێنە بوو؟ ئەوندەی لە هەوالەکان دەردی دەخەن کونتراکتی چاکردنی کار عایدە بە گروپ دیکچەین ئەوانیش کارەکەیان بۆ هەموو عیراق هەربوویە هەر لێدوانێك بارتی و یەکێتی دەیەکەن هەر مراوغەیی سیاسی لە خەڵکی کوردا. لەوەش خراپترئەوە مەلاین پیل و پاتریی کە لێروە لەویی مرۆڤی ئاسای بە غەشیمان فرێدەدەدا، دەبێتە سەرچاوە شیرپەنچە بۆ مندالەکانیان لە داهاتووتدا. لێرەدا دووخال پێش َنیاری نێچیرەڤان دەکەم. یەك کشتوکال و ئەوی تریان پەروەردەی مندال و قوتابی لە خێزانەوە و تا زانگو وە ژیانی کارکردن.
کشتووکال و ئاژەلداری بەگوێرەی لێکۆلەرەوە ئەورپایەکان زیاتر لە (9800) سال لەوبەرەوە لە کوردستان دەستی پێکردوە. لە و کاتانەشەوە کە سامەرو هۆریەکان و هایتیەکا لە بەینی دوو رووباری فرات و دیجلەدا ژیاون ناوی خواوەندێکیان (ئاو) بووە. جا وشەی ئاو لە 'ئایە' ئەو سەردەمەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە کە ئاوەدانیەت"شارستانیەت" لێوە گەشەیی کردوە. لەو سەردەمانەوە ئاویی لە کوردستاندا هەیە و جۆرێك لەشارەزایی ئاوەدانی ژیانی ئەزموونکراو هەیە کە لە رووی زانیاری کشتووکالی و ئاژەلداریەوە کە دەکرێت سودیی لێوەگیرێت. جا گەر هەولی دوزینەوە ئەو زانیاریان بدرێ و لە کێلگەیی نموزەجیی بۆ ئەو جوتیارانەوە ئامادەکرێت و بە هاوکاریی زانکۆی رێکخرێت، نەك ماموستا بەسەر زانیاریی کردنەوە، ئەوا دورنەیە ئەو زانیار رێکخرێت و رۆحیی مۆدێرن بەبەردا کرێت کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەتوانێت سەروەتێك بێت لە جیی ئەو دەردی بڵاو بوونەوە موادی کیمایی کە ئەرز لە ماوەیەکی کورتدا دەکوژێت.

مەبەستم بڵێم، هەندێك جوتیار و ئاژەڵدار لە گوندەکاندا هەن کە زانستی کولتوری بەخێوکردن و گەشەی کشتوکاڵ هەیە و تا ئەم سەردەمە پاراستیانە، ئەو زانستانە رەگی شارەزایی و توانای ئەزموون کراوی رابردوویی سەرکەتووی هەیە، کە دەکرێت بخرێتە بەرچاو وە بکرێتە پرۆگرام تا جووتیار و ئاژەڵدار تر بۆ گەشدان بە کاری بهێنن. بۆ ئەو مەبەستە دەکرێت لیژنەیەك لەو گوندیانە کە تا ئیستا لە کاردا یان لەکاردا نەماون بەڵام توانایی بیرکردنەویان هەیە کە کشتوکاڵ و ئاژەڵ داریی پەرەیی پێدەرێت کۆکرێنەوە لە کێڵگەیەکی نوزەجی.

ئەو کێڵگەیی نموزەجیەش دەکرێت زانیاریەکی ئەزموونکراوەکان تۆماربکات و بێتە جیگەیی تاقی کردنەوەی راستەوخو بۆ قوتابی ئامادەیی و زانگۆکانەوە کشتوکاڵیەکان تا بیر لەو داهاتوو بکەنەوە بۆ کارکردنیان نەك بە پەیرەو کردنی دەزگا تەمەڵیەکانی رامیاریی دوڵەتی رابردو کە بۆ ئێوە وەك میراتێکی ترسناك ماوەتەوە.

دیارە دەبێت پەرلەمان نەترسانە بریار چارەسەری ئەرزی کشتووکاڵی لە کوردستاندا بکات، چوونکە بەعس کە بەمەبەستەوە جوتیاری لە کوردستاندا هەڵتەکان و لەم ساڵانەیی دوایشدا مشەخۆرانی خۆماڵیەکانیش بەناویی سیاسەت و بە پارەیی دزی ئەرزێکی زۆریی کشتوکاڵیان داگیرکردوە کە رێگرە لەبەردەم گەشە کردنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە داهاتوودا دەگرێت. بۆیە بە دەزگا کردنی ئەرز کە سەچاوەیەکە بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ئەبێت دامەزرێت ئەگەر نا ئەو کۆمەڵگایە دووکەڵ خۆر لە زیاد بووندا دەبێت تا دلۆپێك نەوتی لەو خاکەدا مابێت. چوونکە بە ناوی بازاری ئازاد و هاندانی چینی ناوەند، ئەمەریکیەکان پرۆسەیەکی خراپی گەشەی کومەلەیەتی خستۆتە ناو وەلەگەڵ رۆژگاریشدا وەرچەرخاند زۆر گران تردەبێت.

1. سیستمی پەروەدە دوو لایەنە، یەکێکیان شێوازی پەروەردەی منداڵ لە پێنج ساڵی یەکەمدا کە لەماڵەوە دەست پێدەکا و دایك و باوك بەردی بناخەیە ئەو گەشەیی نەوەکانی داهاتوو دادەنێت. جا هەوڵدان لە گەڵ دایك و باوکدا پێویستە هەڵسەنگێنرێت کە چۆن خێزان دروستکەن. خێزانی کوردیی کە تا ئیستا بەچاو ساواوە مامەڵە لەگەڵ منداڵیان دەکەن و رەچاوی ئەو توانا شاراوەیی منداڵ ناکەن لەبەر ئەوە ناتوانن هاریکاری پێویستی منداڵەکانیان بکەن. بۆ نموونە لە ئێستادا دەزانرێت کە ساوایەك دەماخی زۆر لە گەشەکردوترین ڤیدوکامیراکی ئەلەکتورنی هەیە لە گرتنی وێنەو و تومارکردنی دەنگدا زانیارییدا، جا ئەوساوایە چوون دەبینیت و چی پێ دەوترێ وە چون گوێ بودەگییتر و چی دەخرێتە بەردەمی لەو پێنج ساڵەیی ژیانی ماڵەوە، بناغەی داهاتووی ژیانی دیاریی دەکات کە بێتە بیرکەرەوەیەك داهێنەر یان چەك هەڵگرێکی گوێگر بۆ هەر کەسێك کە پارەیی بداتێ. ئەولاوازی و نەزانینەیی خێزانی کوردیی گەورەترین دەردە کە مرۆڤی خۆرهەڵاتی ناوەراست بە دەردیەوە دەتلیینە و سەرکردیاتی و بە ناو رێکخراویی سیاسی و دینەکان هەوڵدانیان نەیە کە تێبگەن و بیر لە گۆرانیی بکەنەوە.

A. وەرچەرخاندی ئەو پەروەردەیە پەیوەندی بە گەشەی و رۆلی ئافرەت هەیە کە ئاشناکردنی ساوایا بە توانایی خۆیی و هاریکاریکردنەیەوە گاگۆلکێوە تا بە گۆر گەیشتن. بۆیە پشتیوانی کردنی ئافرەت و متمانە پی کردن و بەشداریان لە شێوەیی پەروەدیی نوێ بنچنە بۆ دەرگا کردنەوە لەسەر ئەو توانا شاراوانە کە سەرنجی ساوی رادەکێش بەرەوە داهێنانیی دوایی کە تێدا دەردەکەوێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مندالٌ لە ساوایەوە تا تەمەنی سیانزە سالٌیەوە لە ئەبستراکیەتی زمان بیر و دین ناگا وە سەپاندیی ئەو بۆ چوونانە زیاتر دووریی ئەخاتەوە لەو بوچوونی پێغەمەر کە دەڵیت "گەر زانست لە چێنە بۆیی بچوو". بەزۆر فیرکردنی دیین متمانە لە مندالٌ سەندن و کردنی بە ئامارازیی ئایدۆلوجی کە فاشی و دینەیەکان بە شیوازیی جودا بەسەر مندالەکانیاندا دەیی سەپین، جا چاکە دەولەت و پەرلەمان ئەو زۆرکاریی لە مالٌ و قوتانخانە قەدەغە بکات.

B. قوتابخانەی سەرەتایی وەك خۆرئاوا چاك مندالٌ لەرێگەیی گەمەوە فێری خوێندنەوە و بیرکردن بکا تا مندالٌ کە لەدەورەی گەشەیی بەستەنەوە وێنەکانیی خۆیی هەستی پێدەکات بخاتە قالٌبی گەشەیی بیر وەك ئەو فنتازیە هەرم منالە بە جورێك هەیەتی نەك ڕێزکرین وەك کۆرس تا لە دوایدا ببنە ئەندازیار و دکتۆر و مامۆستا و کارمەندیی نەزان کە کاریی شاریی بێکار لەمڕۆدا ڕاناپەڕێن. مندالٌ لەرێی گەمەوە ئاشنا دەبێت بە توانای خۆی و هاندانی ئەو توانایە بەرەوە ئاشنابوون بە توانا و حەزی خۆی دەیبات کە بیرکردنەوەو داهێنان، مرۆڤ بوونەوەرێکە کە بیر دەکاتەوە.

لە شارستانیەتی رابردوو لە کوردستاندا ئاژەڵدار، کشتوکالٌ، وە نوسین، و کانزا توانەوەیان هەبووە بێ ئەوەیی زانگو وەك ئەمرۆ هەبوو بێت. بەلاٌم بە دوایی تێك شکاندیی شارستانیەتی رابردو و بەردەوامیەتی شەر کۆمەلٌگایی ئێمە لە وەدەچی هەر لەسەرکوپی رابردوو بە نیوە چلێی ژیانی کردبێت. بەلاٌم کە لەئیستا دەکرێت هەندیی لەو رۆحی رابردووە کە نوزەیەکی کولتور و ئاسەوارێکی زمانیە هەیە، سەرچاوەیەك بێت بۆ خۆ بنیاد نانەوە.

C. بە بڕوایی من باشە سەرۆکی دولەت کورس بۆ لاوان بکاتەوە کە خێزان دروست دەکەن لەسەر شێوازیی پەروەدەیی و کورسەکان لە سەربنچینە و دیالوگ بێت تا ئەو لاوان ئالٌوگوری فەنتازیی خۆیان بکەن، ئەوکاتە دو ئاشنایی بە لەوازیی پەروەردەیی مندالٌی خۆیان بکەن و دوبارەیی نەکەنەوە و هێواش هێواش ئاسەواریی تێك شکاویی رابردو رێگە چارەیەکی کولتوریی بدۆزیتەوە لە جیی ئەو پەوەندیە سەپاوانە کە توانای مرۆڤ هەر بەلاٌویی دەکوژێت. دیار گەر دولەوت و پەرلەمان بیر لەو دەسگایانە بکەن ئەو مهندیس و دکتورەکان و ماموستاکان بیر دهێنەرانەیان دەبێت نەك لاسیی خۆر ئاوا کە وەگرتنی شاهدیەوە و شەهادەش ئەو مالٌکاولیە کە ناویی شار و کوردستانێکی تریی لێنراوە.

D. لەگەلٌ ئەوەشدا چاکە لە ئیستاوە چەند قوتانخانەیەکی نموزەجی بۆ هەندێ مامۆستا بکرێتەوە کە لەبوارەیی کارەدان و بیر و بۆچوونی پەروەدەو چاکردنیانی پلانی خوێندنیان هەیە کە قوتابی بەرەوە بیرکردنەوە دەبەن نەك لەبەرکردن و نوسین و وتنە کە تێ نەگەشتوو تا ئەوەان هەیە توانایی قوتابی بزەوێن بە راستەرەوویی داهێندا و هێدیی هێد گۆرانکار لە قوتابخانەو بەرنامەکاند بکرێت. ئەوەش بە دایەلوگی بەرپرسیارانە دێتە دیی لەگەلٌ مامۆستادت و دوابەدوایی ئەو دیەلوگانە دەکرێت قوتانخانەیی نموزەجیی بکرێتەو لە بەر رۆشنایی ئەو سەر ئەنجامانە کە بە دەست هاتوون.

بیرکردنەوە پرۆسێسکە کە مرۆڤی تێکشکاو لێبێبەش نیە بەلاٌم کاتێك تراژیدیایە بیرکردنەو بەخۆ هەلٌخەلاٌتاون کۆتایی دێت ژیانا مانایی کۆمێدی وەردوگرێت و بەرپرسیاریی مانایەکی نابێت. جا دەولەتەکەی نێچرەوان بەرزانی چوون بیر لەم پێشنیارە دەکاتەوە، ئەوا رۆژگار ئاشکرایی دەکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاٌودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.